# دەرگەوانانی سەدەی بیست و یەك

**تاریق نامیق حەسەن**
tariqnamiq@yahoo.com



**جاران و ئێستا (من هەمیشە پیێم وایە کە دونیای ڕەش و سپی جوانترو خۆشتر بوو بێ لەم دونیا ڕەنگاو ڕەنگەی ئەمرۆ ).**

**باسەکەمان لەسەر ڕادەی دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی ئێستایە وەکو دەڵێن بەڵام دەکرێ مرۆڤ ڕای جیاوازی هەبێ هەندێ جار نە لە بەر دژایەتی کردنی بیرو ڕای بەرامبەرو قەبوڵ نەکردنی بگرە لەبەر ئەوەی لە سۆنگەیەکی ترەوە دەڕوانێتە باسەکە .**

**لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەوشتیشەوە پیێم وانییە ئەوەی کۆن دواکەوتوویی بێت ئەوەی ئێستاش پێشکەوتن بێت وەکو دەڵێن , بۆ نموونە :**

**جاران دەرگەوان بە دەنگێکی زۆر بەرزو ئاشکرا هاواری دەکرد ئەی خاوەن شکۆ فلانی کوڕی فلان لە فلانە شوێنەوە تەشریفی هێناوەو دەیەوێ چاوی بە جەنابت بکەوێ .**

**لە وەڵامدا خاوەن شکۆ بە دەنگێکی بیسراو ( ڕێی بدەن بێتە لام یان با بفەرمێ ).**

**یان با کاتێکی دیکە تەشریف بێنێ .**

**بەڵام لە سەدەی نوێی ئێرە بەم شێوازەیە :**

**دەرگەوان : کارت بە (جەنابی عەزیم چییە) دەبێ پیێم بڵێی , پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر , بەخوا زۆر زەحمەتە بتبینێ . ئەمە ئەگەر کارەکە زۆر پەیوەندی بە خاوەن عەزەمەتەوە هەبوو خۆ ئەگەر پەیوەندی کەم بوو یا نەییبوو ئەوا لە دەرگای دەرەوەی دەزگاکە وە ژوور ناکەوی . دەرگەوان باشە زۆر لە خۆم دەکەم پیێی دەڵێم وە ژوور دەکەوێت (میوانی هەیە سبەی وەرەوە پیێی دەڵێم ) کە سبەی دێیتەوە کۆبوونەوەی هەیە یاخود چاو قاوە خۆری لایە . خۆ ئەگەر قسەش بکەیت و بڵێی کۆبوونەوەی چی لەگەڵ یەك نەفەر ؟!!! ئەوا پیێت دەڵێن چۆن کۆبوونەوەی چی ؟ لەگەڵ نیوەی کۆمەڵ کۆبووەتەوەو ماف دەپارێزێ , ئەزعەفولئیمان تەنیایە بەڵام شیعری بۆ هاتووەو نایەوێ کەس ئیزعاجی بکات و کەس نابینێ .**

**خۆ ئەگەر زۆرتر بڵێیت و پاڕانەوە بنوێنی ئەوا دەکەویتە قوڵایی سەنگەری دژ بە یاساو گەورەترین تاوانی مەملەکەتەکەت ئەنجام داوە .**